

# گەدەپۆسی تەنیشت ناوک

دکتۆر ئاسۆ حەمە سعید
پسپۆڕی نەشتەرگەری

زۆرجار پرسیاری ئەوەمان لێئەکرێت بەتایبەت ئەو خانمانەی گەدەپۆسی تەنیشت ناوکییان هەیە کەئایا ئەگەر دووگیان بوون گەدەپۆسەکە چەرمەسەرییان بۆ دروست ئەکات یان نا ؟

بەتایبەتی پرسیارەکە ئەوەیە کە نەشتەرگەری بۆ گەدەپۆسەکەیان بکرێت باشترە پێش دووگیانی یان نەکرێت.

ئەبێ ئەوەش بزانین کە ئەم بارە زیاتر لەو کەسانەدا دەرئەکەوێت

که منالیان زۆرە یان قەڵەون، بەهۆی لاواز بوونی دیواری سک لەتەنیشت ناوکەوە،دیوارەکە ئەدڕێت بەشێک لە پێکهاتەی ناو سک دێتە دەرەوە بۆ ژێر پێستەکەو بەئاسانی هەستی پێئەکرێت و هەندێک باریش پاش ماندوو بوون ئازار بۆ نەخۆشەکە دروست ئەکات.



گەدەپۆسی تەنیشت ناوک

## ئامۆژگاری بۆ ئەو خانمانە ئەوەیە:-

١-ئەگەر گەدەپۆسی تەنیشت ناووکیان هەبوو، بەرنامەی منداڵ بوونیان هەبوو، جارێ نەشتەرگەری بۆ نەکەن تا بەرنامەی خێزانییان تەواو ئەکەن.

٢-ئەگەر بێ بەرنامە دووگیان بوو ئەگەر گەدەپۆسەکەیان نەشتەرگەری کردبوو پێویست ناکات سکەکە لەباربەرن.

٣-هەرکاتێک لەکاتی دووگیانیدا تووشی ئازاری گەدەپۆسەکە بوون بەزوویی سەردانی پزیشک بکەن چونکە ئەبێت لەکاتی دووگیانیشدا نەشتەرگەری بۆ بکرێت ئەگەر ئەو بارە مەترسی بۆ خانمەکە دروست کرد.

٤-ئەگەر نەشتەرگەریان بۆ گەدەپۆسەکە ئەنجام دا باشترە نەهێڵن جارێکی ترتا دوو ساڵ سکیان ببێت.

٥-لەکۆتاییدا ئەڵێین هەموو خانمێک باشترە بەرنامەی خێزانی پەیڕەو بکات ئەوانەی کێشیان زیادە تۆزێک کێشیان دابگرن .